## وەرزی دووەم

# زانین زۆن

## خشتەی
# ناوەڕۆک


*دەستپێک:* ............................................................................ 2
وتەکان.................................................................................... 3
ناوەندە ئەکادیمییە بەشداربووەکان : ............................................... 7
یاسا و ڕێساکان:........................................................................ 9
ڕێنماییە گشتییەکانی پێشبڕکێ، قۆناغەکان و بڕگەکان: ............................ 9
ڕێنماییەکان بۆ فێرخوازان (پێشبڕکێکار): ........................................... 14
ڕێنماییەکان بۆ سەرپەرشتیار: ....................................................... 14
ڕێنماییەکان بۆ چالاکییە خۆشییەکان (تەرفیهی):................................. 15
پەیوەندی: ............................................................................. 15

# دەستپێک:

بەرنامەی زانین زۆن (Zanîn Zon)، بەرنامەیەکی ئەکادیمی و تەرفیهیە بۆ فێرخوازانی زانکۆ و پەیمانگەکان، کە لە چوارچێوەی پرسیار و وەڵامی چەند بوارێکی جیاوازی زانستیدایە بە شێوازی کێبڕکێ لە نێوان فێرخوازاندا ئەنجامدەدرێت، ئەم بەرنامەیەش بە هاوبەشی لە نێوان دەزگای میدیایی کوردسات و پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان بەرهەمدەهێنرێت، کە تیایدا (٢٧) زانکۆ و پەیمانگەی حکومی و تایبەت لە سنووری پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان، ڕاپەرین و سۆران) بەشدارن، ئەم بەرنامەیە هەموو شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لەسەر شاشەی کەناڵی کوردسات پەخشدەکرێت.

سود و گرنگی ئەم بەرنامەیە بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە ئاشنابوونی فێرخوازان و هاووڵاتییان بە زانیارییە هەمەجۆرەکان، هەروەها هەوڵێکە بۆ یەکترناسین و دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان فێرخوازان لە زانکۆ و پەیمانگە جیاوازەکان، بە ئامانجی دروستکردنی گیانی کێبڕکێ و هەوڵدان بۆ ناساندنی ئاستەکان و خستنەگەڕی توانا شاراوەکانی فێرخوازان.

لەتەواوی بەرنامەکاندا هەمووان براوەن لەبەرئەوەی بۆ بینەرانی ئاشکرا دەکەین گەنجانی نیشتیمانەکەمان کە ئایندەی ئەم خاک و گەلەن گەنجی بەتواناو لێهاتوون و دەبنە داینەمۆی بەدیهێنانی خەون و ئاواتە بەدینەهاتووەکانی گەلەکەمان لە داهاتوودا.



# وتەکان

**وتەی پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان**

ئێمە وەک پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان خۆشحاڵ و شەرەفمەندین بە بەرنامەی زانین زۆن، کە بەرنامەیەکی پێشکەوتووە بۆ فێرخوازانی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە خۆشی و کێبڕکێ و گەڕانی زانستی داڕێژراوە. کە ئامانج لەم دەستپێشخەرییە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گرنگە لە ژینگەی ئەکادیمییەکان لە ڕێگەی دابینکردنی سەکۆیەکی کارلێکارانە بۆ فێرخوازان بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکانیان لە جیهانی ڕاستەقینەدا لەهەمان کاتدا پەروەردەکردنی داهێنان، کاری تیمی و لێهاتووییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان.

بەرنامەی زانین زۆن تەنها کێبڕکێ نییە – دەرفەتێکە بۆ داهێنان و ئاشناکردنی فێرخوازان بە یەکتری لەنێوان بەشەجیاوازەکاندا. هەروەها گرنگیدان بەپەرەپێدانی کارامەییەکانی خوێندکاران لەدەرەوەی پۆلدا. ئەم پرۆگرامە متمانەی خوێندکاران بەرزدەکاتەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تیژتر دەکات و ئامادەیان دەکات بۆ ئاستەنگە دینامیکییەکانی پیشەی داهاتوویان.

بانگهێشتی دامەزراوەکەتان دەکەین بۆ بەشداریکردن لەم دەستپێشخەرییە سەرنجڕاکێشە. پێکەوە دەتوانین ژینگەیەک دروست بکەین کە فێربوون لەگەڵ کات بەسەربردن کۆببێتەوە، ببینە پردێکی ئیلهام بەخش بۆ نەوەی داهاتوو و بیرمەند و سەرکردە لە ڕێگەی بەرنامەی زانین زۆنەوە دروست بکەین!

لەکۆتاییدا سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ ئەو زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتانە کە بەشداربوون لەوەرزی یەکەمی زانین زۆن و هەموو ئەوانەش کە بەشداردەبن لەوەرزی دووەمی بەرنامەکە.

## وتەی کەناڵی میدیایی کوردسات

مامۆستایان فێرخوازانی بەڕێز بە هەستی بەرپرسیارانەوە بڕیارماندا کە بەرنامەی زانین زۆن ئەنجامبدەین تا لەڕێگەیەوە بتوانین خزمەت بە خوێندکار و قوتابیانی خۆمان بکەین لەپێناو دەرخستنی توانا و لێهاتوی گەنجە خاوەن بەهرەکانمان، ئێمە لە دەزگای میدیای کوردسات ئامانجمانە خزمەت بە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی خۆمان بکەین بەبێ جیاوازی ئاین و ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوە بەڵکو پێمانوایە جیاوازیەکان و پێکەوەژیان جوانیەکانی کۆمەڵگاکەمانن و ئێمەش پرەنسیپ و ئامانجمانە داکۆکییان لێبکەین بەلەبەرچاوگرتنی پاراستنی داب و نەریت و کلتوری جوانی کۆمەڵگاکەمان

بەڕێزان ئامانجمانە لە بەرنامەی زانین زۆن هەموان پێکەوە وەك تیمێك بەشداربین شانبەشانی یەك کاربکەین بۆ بەرەوپێشبردنی گیانی پێکەوەیی کارکردن و بەرنامەکە بکەینە دەست و دیاری بۆ ئێوەو بینەران، خۆشحاڵین بەئامادەبونی هەموان وپێشکەشکردنی بەرنامەیەکی ئاوێزان بە زانست و خۆشی و تەبایی و دەمانەوێت دڵنیاتان بکەینەوە کوردسات "ماڵی هەموانە" ئەمە تەنها دروشمێك نیە بەڵکو بنەمای کارکردنمانە

لە ئێستاوە چاوەڕوانی دەرخستنی توانا و لێهاتوی گەنجەکانمانین لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمیەکانمان کە ئایندەی ئەم خاك و گەلەن لەپێناو خزمەتکردنی نیشتمانەکەمان لە ئایندە.



## وتەی براوەی یەکەمی بەرنامەی زانین زۆن وەرزی یەکەم
## (زانکۆی ئەمریکی لە عێراق – سلێمانی)



ئێمە وەکو زانکۆی ئەمریکی عێراق-سلێمانی، پێمانوایە زانین زۆن پێشبڕکێیەکی جوان و گرنگی زانینە کە لە ڕێگەیەوە توانرا پەیوەندییەکی بەرهەمدار لە نێوان ناوەندە ئەکادیمییەکاندا دروست بکات، هۆکارێک بێت بۆ نزیکبوونەوە و ئاشنابوون لە یەکتر و ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ دروستکردنی هەل بۆ گۆڕینەوەی بابەتی بەسوود بۆ خوێندکاران. هەروەها بەرنامەکە دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە هەمەڕەنگی و فرەچەشنەیی هۆکارێکە بۆسەرکەوتن بە بۆنەی جیاوازی بابەت و بەشەکانی پرسیارەکانی ناو بەرنامەکە و پردێکی پەیوەندی بوو بۆ خوێندکارانی بەشە جیاوازەکان. ئێمە زۆر خۆشحاڵ بووین کە توانینمان بەو هەمەڕەنگییەوە لە ناو بەرنامەکەدا بەشدار بین. هیوادارین لەداهاتوودا زانکۆ و ناوەندی خوێندنی زیاتری شارەکان بتوانن بەشدار بن لە پرۆگرامەکە

## وتەی براوەی دووەمی بەرنامەی زانین زۆن وەرزی یەکەم (زانکۆی چەرموو)



زانکۆی چەرموو خۆی بە خۆشحاڵ دەزانێت بە بەدەستهێنانی پلەی دووەم لە وەرزی یەکەمی پرۆگرامی زانین زۆن: ئەزموونی ئێمە لەم دەستپێشخەرییە ئەکادیمییەدا دەوڵەمەندکەر بوو، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندین کە لێهاتوویی

خوێندکارانمان لە ئاڵوگۆڕی زانیاری بەنرخدا پیشان بدەین. بەرنامەی زانین زۆن سەکۆیەکی گەورە بوو بۆ هاوکاری و گەشەکردنی فیکری. سوپاس بۆ ڕێکخەران و سەرجەم بەشداربووان بۆ ئەم ئەزموونە پاداشتبەخشە.

## وتەی براوەی سێیەمی بەرنامەی زانین زۆن وەرزی یەکەم (زانکۆی سلێمانی)



بەرنامەی زانین زۆن، یەکێکە لەبەرنامە گرنگ‌و سەرکەوتووەکان، کە لەڕێگەی پێشبڕکێی نێوان ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە، توانیویەتی بەشدارییەکی کارای هەبێت لەپتەوکردن‌و بەهێزکردنی پەیوەندی ناوەندەکان لەلایەک‌و دەرخستنی توانای گەنجان‌و خوێندکاران لەلایەکی دیکەوە، گرنگی ئەم بەرنامەیە لەوەدایە کە لەڕێگەی برگە جیاوازەکانییەوە، کار لەسەر دۆزینەوەی توانای شاراوەو هەمەلایەنی خوێندکاران دەکات‌و دەرفەتیان بۆ دەرەخسێنێت بەهرەکانیان ئاشکرا بکەن، سەرباری ئەوەش بەرنامەکە ئەزموونێکی گرنگە بۆ فێربوون‌و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەنێوان بەشداربوواندا، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بەرنامەی زانین زۆن، توانیویەتی مۆرکی ڕەسەنایەتی کوردی بپارێزێت‌و ڕەچاوی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە بکات‌و ببێتە بەرنامەیەکی خێزانی‌و سودبەخش بۆ کۆمەڵگە، بۆیە وەك زانکۆی سلێمانی شانازی دەکەین کە یەکێك بووین لەبەشداربووە سەرکەوتووەکانی وەرزی یەکەمی بەرنامەی زانین زۆن،و خۆمان بەخۆشحاڵ دەزانین کە لەوەرزی دووەمی بەرنامەکەدا بەشدار دەبین، هیوای سەرکەوتن بۆ کاستی بەرنامەکەو سەرجەم بەشداربووان دەخوازین.

## ناوەندە ئەکادیمییە بەشداربووەکان :

## یەکەم : پارێزگاکانی (سلێمانی و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان و ڕاپەڕین)

| ژ | ناو (کوردی) | ناو (ئینگلیزی) | کورتکراوە | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی سلێمانی | University of Sulaimani | UoS | ١٩٦٨ |
| ٢ | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | Sulaimani Polytechnic University | SPU | ١٩٩٦ |
| ٣ | زانکۆی ئەمریکی لە عێراق – سلێمانی | American University of Iraq, Sulaimani | AUIS | ٢٠٠٧ |
| ٤ | زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی | University of Human Development | UHD | ٢٠٠٨ |
| ٥ | زانکۆی جیهان- سلێمانی | Cihan University – Sulaimaniya | CUS | ٢٠١٠ |
| ٦ | زانکۆی هەڵەبجە | University of Halabja | UoH | ٢٠١١ |
| ٧ | زانکۆی ڕاپەڕین | University of Raparin | UoR | ٢٠١١ |
| ٨ | زانکۆی گەرمیان | University of Garmian | UoG | ٢٠١٢ |
| ٩ | زانکۆی چەرموو | Charmo University | CU | ٢٠١٤ |
| ١٠ | زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک – سلێمانی | Tishk International University - Sulaimani | TIU | ٢٠١٤ |
| ١١ | پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان | Kurdistan Technical Institute | KTI | ٢٠١٥ |
| ١٢ | زانکۆی نێودەوڵەتی قەیوان | Qaiwan International University | QIU | ٢٠١٧ |
| ١٣ | کۆلێجی زانکۆیی گۆیژە | University College of Goizha | UoG | ٢٠١٨ |
| ١٤ | پەیمانگەی ناشناڵ بۆ تەکنەلۆجیا | National Institute of Technology | NIT | ٢٠١٨ |
| ١٥ | پەیمانگەی تەکنیکی و پیشەیی برایت | Bright Technical and Vocational Institute | BTVI | ٢٠٢٢ |
| ١٦ | زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان | Garmian Polytechnic University | GPU | ٢٠٢٣ |
| ١٧ | پەیمانگەی تەکنیکی و پیشەیی ئەزمەڕ | Azmar Technical and Vocational Institute | ATVI | ٢٠٢٣ |
| ١٨ | پەیمانگەی تەکنیکی و پیشەیی ڕاپەڕین | Raparin Technical and Vocational Institute | RTVI | ٢٠٢٣ |
| ١٩ | پەیمانگەی تەکنیکی و پیشەیی فام | Fam Technical and Vocational Institute | FTVI | ٢٠٢٤ |

## دووم : پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران

| ژ | ناو (کوردی) | ناو (ئینگلیزی) | کورتکراوە | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی کۆیە | Koya University | Koya | ٢٠٠٣ |
| ٢ | زانکۆی کوردستان لە هەولێر | University of Kurdistan Hawler | UKH | ٢٠٠٦ |
| ٣ | زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی | Lebanese French University | LFU | ٢٠٠٧ |
| ٤ | زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک | Tishk International University | TIU | ٢٠٠٨ |
| ٥ | زانکۆی سۆران | Soran University | Soran | ٢٠٠٩ |
| ٦ | زانکۆی نۆلج | Knowledge University | KNU | ٢٠٠٩ |
| ٧ | زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی | International University of Erbil | IUE | ٢٠٠٩ |
| ٨ | زانکۆی کاسۆلیکی لە هەولێر | Catholic University in Erbil | CUE | ٢٠١٦ |

# یاسا و ڕێساکان:

**ڕێنماییە گشتییەکانی پێشبڕکێ، قۆناغەکان و بڕگەکان:**

1. بۆ هەر ناوەندێکی ئەکادیمی (٥) پێنج فێرخواز (پێشبڕکێکار) نوێنەرایەتییان دەکەن، بەڵام پێشبڕکێکارێکیان دەبێتە یەدەگ واتە( ٤ فێرخواز ئامادە دەبێت بۆ هەر بەرنامەیەک وە هیچ گۆڕانکارییەک لەم ٤ چوار فێرخوازە ناکرێت بۆ ئەو بەرنامەیە).
2. یارییەکان دابەشدەبن بەسەر **(٥) پێنج قۆناغدا**، کە بریتیین لە:

**قۆناغی یەکەم:**

- لە قۆناغی یەکەمدا (٢٧) بیست و حەوت تیم بەشدار دەبێت ، بەریەککەوتنی تیمەکان دیاریدەکرێت لە ڕێگەی تیروپشکەوە، هەرتیمێک (٢) دوو یاری ئەنجام دەدات واتە کۆی گشتی یاریەکانی قۆناغی یەکەم بریتییە لە (٢٧) بیست و حەوت یاری.

(٨) هەشت تیم ڕیزبەندی دەکرێن و سەردەکەون بۆ قۆناغی داهاتوو بەمشێوەیەی لای خوارەوە:-

١- هەر تیمێک بۆ هەر یارییەک کە دەیباتەوە (٣) سێ خاڵ بە دەست دەهێنێت، واتە بۆ ئەو (٢) دوو یاریەی کە ئەنجامی دەدات ئەگەر هەردوو یاریەکە براوە بوو (٦) شەش خاڵی براوە بە دەست دەهێنێت.

تێبینی:

بۆ هەر یارییەک کە هەر تیمێک دەیکەن خاڵی براوەی یاری وەردەگرن، هەروەها خاڵی یاری (بەدەستهاتوو) وەردەگرن بۆ تەواوی بڕگەکانی ناو یارییەکە کە هەر یارییەک کۆی گشتی خاڵی بڕگەکانی پێك دێت لە (١٠٠) سەد خاڵ، کەواتە لێرەدا خاڵی براوەو و خاڵی یاریمان (خاڵی بەدەستهاتوو) هەیە.

٢- لە ئەگەری یەکسانبوونی دووتیمەکە لە خاڵەکانی براوەدا پەنا دەبرێتە بەر خاڵی براوە و خاڵی یاری(بەدەستهاتوو) بۆ سەرکەوتنی تیمێک، لە ئەگەری یەکسانی ئەوەشدا پەنا دەبرێتە بەر جیاوازی خاڵی براوەو دۆڕاوی هەردوو یاریی هەر تیمێک، ئەگەر لە خاڵەکانی براوە و دۆڕاویشدا یەکسان بوون ئەوە دەچێتە سەر خاڵی بڕگەکان و بڕگە بە بڕگە بەراورد دەکرێت بۆ کۆی هەردوو یاریەکە بەم شێوازەی لای خوارەوە:

| ناوی تیمەکان | یاری | براوە | دۆڕاو | خاڵی براوە | خاڵی یاری (بە دەستهاتوو) | خاڵی لەسەرگیراو | جیاوازی خاڵ | خاڵی بڕگەکانی یاریەکان بەم زنجیرەیەی لای خوارەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زانکۆی أ | ٢ | ٢ | ٠ | ٦ | ٢٠٠/١٥٠ | ٨٠ | ٧٠ | بڕگەی یەکەم<br>بڕگەی دووەم<br>بڕگەی سێیەم<br>بڕگەی چوارەم |
| زانکۆی ب | ٢ | ٢ | ٠ | ٦ | ٢٠٠/١٥٠ | ٨٠ | ٧٠ | |

**چۆن خاڵی بەدەست هاتوو و لەسەرگیراو هەژمار دەکرێت:-**

٧٠ vs ٤٠

تیمی أ

٨٠ vs ٤٠

**خاڵی یاری ( بەدەستهاتوو)**
**١٥٠=٨٠+٧٠**

**خاڵی لەسەرگیراو**
**٨٠=٤٠+٤٠**

**قۆناغی دووەم:**

(٨) هەشت تیم سەردەکەوێت بۆ قۆناغی دووەم بەم شێوازەی لای خوارەوە:

- زۆرترین خاڵی براوە.
- زۆرترین خاڵی هەردوو یاریەکە.
- زۆرترین خاڵی جیاوازی ( بەدەستهاتوو و لەسەرگیراو)
- زۆرترین خاڵی برگەکانی یارییەکە بە پێی خشتەکە.
- لەم قۆناغەدا (٤) چوار یاری ئەنجام دەدرێت لەنێوان ئەو (٨) هەشت تیمەی کە سەردەکەون.

**قۆناغی سێیەم:**

- (٢) دوو یاری ئەنجام دەدرێت لەنێوان (٤) چوار تیمدا.

**قۆناغی چوارەم:**

- تیمە سەرنەکەوتووەکان یاری دەکەن بۆ بەدەستهێنانی پلەی (٣).

**قۆناغی پێنجەم :**
- یاری کۆتایی لە نێوان ئەو دوو تیمەی کە سەرکەوتوون ئەنجام دەدرێت و پلەی یەکەم و دووەم دەستنیشان دەکرێت .

3. بۆ بریاردان لەسەر دەستپێکردنی بەرنامەکە و برگەکانی بەوەی بە کام ناوەند لە دوو ناوەندە بەشداربووەکە دەستپێبکات پشت دەبەسترێت بە (ئەلف و بێی کوردی) ، ئەگەر دوو ناوەندەکە پیتی یەکەمی ناوی زانکۆکەیان بەپێی ئەلف و بێی کوردی چوونیەک بوو ئەوا بە (شێرو خەت) یەکەم ناوەند بۆ دەستپێکردنی بەرنامەکە دەستنیشاندەکرێت .
4. ناونانی تیمەکان لە بەرنامەی زانین زۆندا، تەنها بە ناوی ناوەندە ئەکادیمیەکەوە دەبێت.
5. بەرنامەکە لە **(٤) چوار برگە** پێکدێت بەم شێوازەی لای خوارەوە:

## 1. بڕگەی یەکەم:      (٢٠ خاڵ)

- شێوازی پرسیار:-  (هەڵبژاردن).
- شێوازی بەشداربوون:- بە گروپ وەڵام دەدرێتەوە.
- ناوەڕۆکی پرسیارەکان (٤ کاتیگۆری):- تەکنەلۆجیای زانیاری، پزیشکی، مێژوو، جوگرافیا.
- ژمارەی پرسیارەکان:-  هەر کاتیگۆرییەک (٢) دوو پرسیاری تێدایە و بە شێوازی (A , B)، هەر گروپێک (٤) چوار پرسیار وەڵام دەداتەوە، بە کۆی گشتی (٨) هەشت پرسیارە لەم بڕگەیە بۆ هەر بەرنامەیەک.
- خاڵ:- هەرپرسیارێک (٥) خاڵی لەسەرە.
- کات:- (٤٠ چرکە) بۆ هەر پرسیارێک.

**تێبینی /**

- هەر تیمێک کاتێك پرسیاری کاتیگۆرییەک بەکاردێنێت ئەگەر بێت و تیمی بەرامبەر پرسیارەکەی تری هەمان کاتیگۆری (هەر کاتیگۆریەک (٢) دوو پرسیار  لەخۆدەگرێت) بەکارنەهێناو دووبارە سەرەی هاتەوە دەتوانن پرسیاری دووەمی هەمان کاتیگۆری بەکاربهێنن.
- بۆ هەموو قۆناغەکان بڕگەی یەکەم هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت و بەهەمان شێواز بەردەوام دەبێت.

## ٢. بڕگەی دووەم:      (٤٠ خاڵ)

- شێوازی پرسیار:- (زەنگی زانین-Buzz).
- شێوازی بەشداربوون:- لەسەر ئاستی تاک وەڵام دەدرێتەوە، لە هەر گروپێک دوو فێرخواز بەشداردەبێت.
- ناوەڕۆکی پرسیارەکان (٣ کاتیگۆری):- وەرزش، ئەدەبی کوردی، هونەری کوردی.
- ژمارەی پرسیارەکان:- هەر دوو بەشداربوویەک  (١٠) پرسیاریان بۆ دەخوێندرێتەوە، کۆی گشتی پرسیارەکان (٢٠) بیست پرسیارە، چونکە تەنها (٢) دوو بەشداربوو لەهەر تیمێك بەشدار دەبن.
- خاڵ:- هەرپرسیارێک (٢) دوو خاڵی لەسەرە.
- کات:-  (١٥چرکە)  بۆ هەر پرسیارێک.

## تێبینی /

- ئەو فێرخوازەی کە یەکەم جار زەنگی زانین لێدەدات (١٥ چرکە) ی هەیە بۆ پێدانی (١) یەك وەڵام تەنانەت (ئەگەر هاتوو کاتی مابوو بۆ تەواوبوونی ١٥ چرکەکەش تەنها هەر (١) یەك وەڵامی لێ وەردەگیرێت و دەرفەتی گۆڕینی وەڵامی نییە)، لە ئەگەری وەرگرتنی وەڵام و تەواوبوونی (١٥ چرکە) ڕاستەوخۆ پێشکەشکارەکە دەچێتە لای فێرخوازی تیمی بەرامبەرو تەنها (١ ) یەک وەڵامی لێوەردەگیرێت بە بێ پێدانی هیچ چرکەیەک ئەگەر هاتوو (١٥ چرکەکە) لای فێرخوازی تیمی بەرامبەر تەواو ببوو.
- کاتێک کە پێشکەشکار پرسیار بۆ فێرخوازی هەردوو تیم دەخوێنێتەوە ئەگەر یەکێک لە دوو فێرخوازەکە پێش تەواوکردنی پرسیار لەلایەن پێشکەشکارەوە زەنگی زانینی لێدا ئەوا پێشکەشکار پرسیارەکە تەواو ناکات و لەگەڵ لێدانی زەنگەکەدا چرکەکان دەڕۆن و فێرخواز (١٥ چرکە) ی دەبێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکە، ئەگەر فێرخوازەکە وەڵامەکەی هەڵە بوو، پێشکەشکار ڕاستەخۆ دەچێتە لای فێرخوازی تیمی بەرامبەر و پرسیارەکەی بۆ تەواو دەکات و (١٥ چرکە)ی دەبێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکە.
- بۆ هەموو قۆناغەکان بڕگەی دووەم هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت و بەهەمان شێواز بەردەوام دەبێت.

## ٣. بڕگەی سێیەم: (١٠ خاڵ)

- شێوازی پرسیار:- کێشانی وێنە.
- شێوازی بەشداربوون :- بە گروپ وەڵام دەدرێتەوە.
- ناوەڕۆکی پرسیارەکان:- دەربڕینی پرسیارەکە لەلایەن فێرخوازەوە بەشێوازی کێشانی وێنە لەسەر سکرین.
- ژمارەی پرسیارەکان:- بۆ هەر گروپێک (٢) دوو فێرخواز بەشداری دەکات بەڵام نابێت هەمان (٢) دوو فێرخوازی بەشداربووی بڕگەی دووەم (زەنگی زانین-Buzz) بێت هەر فێرخوازێک (١) یەک پرسیاری لێدەکرێت واتە کۆی گشت پرسیارەکان بۆ هەر گروپێک (٢) دوو پرسیار دەبێت.
- خاڵ:- هەر پرسیارێک (٥) پێنج خالی لەسەرە.
- کات :- (٤٥ چرکە) بۆ هەر پرسیارێک .

## تێبینی /

- فێرخواز ڕێگەپێدراو نییە بە ئاماژە پێدانی ( پیت، ووشە، ژمارە) لە کاتی کێشانی ئەو وێنەیەی لە ئاماژە بە پرسیارەکە دەدات.

- برگەی سێیەم لە قۆناغی یەکەم بەم شێوازەی لای سەرەوە دەبێت، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری بەرنامەکە یارییەکانی برگەی سێیەم گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

## ٤. برگەی چوارەم: (٣٠ خاڵ)

- شێوازی پرسیار:- ئای کیو تێست (هزری).
- شێوازی بەشداربوون :- بە گرووپ وەڵام دەدرێتەوە.
- ناوەڕۆکی پرسیارەکان :- تاقیکردنەوەی هزری.
- ژمارەی پرسیارەکان:- (٢) دوو پرسیارە بۆ هەر گروپێک , کە بە دوو بەش دادەبەزێت بۆ هەردوو ناوەندەکە وە لەو ناوەندەوە دەستپێدەکات کە سەرەتای بەرنامە بە (ئەلف و بێ ی کوردی) دەستی پێکردووە:
  - بەشی یەکەم: دوو پرسیار لەخۆدەگرێت بە شێوازی (A) و (B) و هەڵبژاردن دەبێت، ئارەزوومەندانە ناوەندی یەکەم کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە پرسیارێکیان هەڵدەبژێرێت.
  - بەشی دووەم: دوو پرسیار لەخۆ دەگرێت (A) و (B) بە هەمان شێوەی بەش یەکەم ناوەندی یەکەم پرسیارێک دیاری دەکات و ئەوی تر کە دەمێنێتەوە بۆ ناوەندی بەرامبەر دەبێت.
- خاڵ:- هەرپرسیارێک (١٥) پازدە خاڵی لەسەرە.
- کات:- یەک خولەک (٦٠ چرکە) بۆ هەر پرسیارێک.

### تێبینی /

بۆ هەموو قۆناغەکان برگەی چوارەم هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت و بەهەمان شێواز بەردەوام دەبێت.

**6.** لە کاتی یەکسانبوونی دووناوەندە بەشداربوەکە لە هەربەرنامەیەکدا بە (٣) سێ پرسیاری گشتی (چەند بوارێکی جیاواز )یەکلادەکرێنەوە،(هەر ٣ سێ پرسیارەکە پێکەوە دێنە سەر شاشە ) ئەو تیمەی کە توانی زۆرترین وەڵامی ڕاست بەدەستبهێنێت دەبێتە براوەی یاریەکە.

- بۆ هەرپرسیارێک تەنها (١)یەك وەڵامی ڕاست وەردەگیرێت.
- کات:- (٤٥ چرکە ) بۆ وەڵامی هەر (٣) سێ پرسیارەکە.

## ڕێنماییەکان بۆ فێرخوازان (پێشبڕکێکار):

- مەرجە فێرخواز (پێشبڕکێکار) جلی کوردی بپۆشێت.
- پێویستە تەواوی ئەندامانی تیمەکە، کاتژمێر و نیوێک بەر لەوادەی تۆمارکردن لە ستۆدیۆی بەرنامەکە ئامادەبن.
- پێویستە هەمووان پابەندبن بە یاسا، ڕێسا و ئیتیکی بەرنامەکەوە.
- بەکارهێنانی مۆبایل و ئامێری زیرەک لە کاتی تۆمارکردنی بەرنامەکەدا بەهەمووشێوەیەک قەدەغەیە.
- پێش دەستپێکردنی یارییەکان، ڕێنمایی و یاسای یارییەکان بۆ پێشبڕکێکارانی ناوەنەدەکە باسدەکرێت.
- وەڵامی پرسیار تەنها لە سەرۆکی تیم (Team Leader) وەردەگیرێت.

## ڕێنماییەکان بۆ سەرپەرشتیار:

- سەرپەرشتیار ئەو کەسەیە پەیوەندی نێوان تیمی ڕێکخەری بەرنامەکەو فێرخوازان ڕێکدەخات و سەرپەرشتی فێرخوازان دەکات، سەپەرشتیار دەبێت هەموو ئەو ئاگادارییانەی کە هەیە بیگەیەنێت بە فێرخوازانی ئامادەبوو( پێشبڕکێکار).
- بۆ ئەو ناوەندانەی کە بۆ جاری دووەم بەشداردەبن لە وەرزی دووەمی بەرنامەکە دەبێت تەنها (١) یەک فێرخواز لەو فێرخوازانەی کە لە وەرزی یەکەمی بەرنەمەکە بەشداربووە دەتوانێت دوبارە بەشداربێتەوە لە وەرزی دووەمی بەرنامەی زانین زۆن.
- لە کاتی ڕیکۆردکردنی بەرنامەکاندا، مەرجە سەرپەرشتیار لەگەڵ فێرخوازان ئامادەبێت، وە لە ئەگەری ئامادەنبوونی سەرپەرشتیاردا مەرجە سەرپەرشتیارێکی دیکە لە جێی خۆی دابنێ، هەروەها ئەو کەسەی کە لە جێگەی سەرپەرشتیاری سەرکی دانراوە مەرجە هەموو ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرپەرشتیاری سەرەکی لە ئەستۆ بگرێت.
- ئاگادارکردنەوە و بیرخستەنەوەی کات و شوێنی ڕیکۆردکردن لە ئەستۆی سەرپەرشتیاردایە.
- دەبێت سەرپەرشتیار بە بەردەوامی ئاگاداری ئیمەیڵ و گرووپی واتس ئەپ بێت، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە سەرجەم تێبینیەکان لەسەر هەر بابەتێک کە هەبێت.
- لەکاتی هەڵبژاردنی فێرخوازەکاندا باشترە ڕەچاوی زمان پاراوی و زمانی کوردی فێرخوازەکە بکرێت  بەهۆی نەبوونی کەسی تایبەت بۆ وەرگێرانی زمان.

## ڕێنماییەکان بۆ چالاکییە خۆشییەکان (تەرفیهی):

- هەر ناوەندێکی ئەکادیمی ئارەزوومەندە بە ئامادە کردن و پێشکەشکردنی چالاکی فێرخوازان لە بوارەجیاوازەکانی وەک (موزیک، گۆرانی، هونەر، ئەدەب، وێنەکێشان، داهێنان ... هتد).
- هەر ناوەندێک بۆ هەر بەرنامەیەک پێویستە لە یەک چالاکی زیاتری نەبێت.
- چالاکیەکان دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەی تایبەت بە چالاکیەکانی بەرانامەی زانین زۆن ئاگادارئەکرێنەوە بە پێشکەشکردنی یاخود پێشکەش نەکردنی.
- چالاکیەکان نابێت ڕەخنە ئامێزبێت بۆ هەر لایەن و کەسێک، گونجاوبێت بۆ سەر شاشە.
- وەک سەرچاوە بۆ چالاکیەکان پشت بەم سەرچاوانە ببەستە
    - American Got Talent
    - Britain’s Got Talent
- کاتی چالاکی بۆ هەر تیمیک لە نێوان دوو بۆ هەشت خولەك زیاتر نەبێت.
- تیمەکان سەرپشکن ئەگەر بە هاوبەشی چالاکی ئەنجام بدەن، چالاکی هاوبەش لە دە (١٠) خولەک زیاتر نەبێت.

## پەیوەندی:


- **ڕێکخەر - هەنار ئازاد عبدالرحمان**
- ٠٧٧٠٥٠٨٦٦٨٨
- hanar.abdulrahman@kti.edu.iq

- **هاوبەشی ڕێکخەر – ڤان سامان حاجی رسول**
- ٠٧٧٠٨١٥٤٠٠٣
- Van.hajirasul@kti.edu.iq